# بەهاری عەرەبی و زەنگێکی

# نەتەوەیی بۆ سەرانی کورد

حەمەڕەشید هەرەس

ئەم دەستەواژەی ( بەهاری عەرەبی ) یە، لە بازاڕی سیاسەتدا لە کالآیەکی عەمارەپۆ زیاتر نیە، وەك لەبەر چاوە نەك بەهار بەڵکو بەستەڵەکێکی درێژخایەنە، وا بڕوات بەچەند سەدەیەکی تریش ناگەنەوە ئەو پێشکەوتنەی لە گرێژەنەوە دەریان هێنا.

گەلانی تونس ، لیبیا و میسر ئەبێت تا ماون شیوەن بکەن بۆ ئەو ژیانەی لە دەستیان دا، بەو هەمو کەم و کوری و دیکتاتۆری و زۆرداریانەشەوە کە بوە پاساو بۆ روخاندنیان.

دەوڵەتانی زلهێز و سەرمایەداری جیهانی لە بەرژەوەندیان نیە، دەوڵەتانی رۆژهەلآت پەلەقاژەی پێشکەوتن بکەن و بکەونە ململانێ لەگەڵیان و سەرئێشەیان بۆ دروست بکەن. ئەو رژێمانەی روخان منەی ئەوەیان ئەکرد.

ئەگەر کێشەکان زۆرداری و چەوساندنەوەیە، خۆ لە سعودیە، بەحرین، عومان و میرنشینەکان، خەڵکەکەی لە هەمو شوێنێکی ئەم جیهانە پتر ئەچەوسێنەوە و ناڕەزایی لەم شوێنانە زۆر زیاترە

وەك لەو وڵاتانەی بەهارەکەی تیا هاتە ئاراوە. ئەی بۆ لەو وڵاتانە سەری نەگرت و خامۆش کران؟

ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی بە هۆی سعودیەوە لە لایەك، هەروەها بە هۆی تورکیاوە لە لایەکی ترەوە، بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی زلهێزەکانی سەرمایەداری و بەتایبەتی ئەمەریکادان. هەر رژێمێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەب سەری بەرزکاتەوە و لە کۆنترۆڵی ئەوان بێتە دەرەوە جەماعەتێکی ئیسلامی بۆ هەڵئەتۆقێنن و تەفروتونای ئەکەن.

سیاسەتی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەمێکە هەڵوەدای ئەوەن ئەم وڵاتانە بە دواکەوتویی بمێننەوە، هەر لە سەردەمی دۆزینەوەی جوگرافیەوە لە ژێر هەر پاساوێکدا بوە لوتیان ژەنۆتە کاروباری ئەم وڵاتانەوە و پێشکەوتنیان تێدا ئیفلیج کردوە. سەردەمی ئیستیعمار باشترین بەڵگەیە.

ئیمپریالیەت پێویستی بە جەماوەر نیە و، جەماوەریشی بۆ کۆ نابێتەوە، هەر کاتێك ویستی لە رێگەی تاکە کەسێکەوە، یان رێکخراوێکی گومان لێ کراوەوە، جەماوەرێك ئەخەنە شوێنی.

ئەگەر جەماوەریشی بۆ دروست نەکرا، یان جەماوەر نەیتوانی کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، ئەوا راستەوخۆ خۆی دێتە ناو مەسەلەکەوە و بە هێزی سەربازی چارەسەری ئەکات. روخانی سەدام و کوشتنی بن لادن و، داهاتوی ئێران وەك نمونە و بەڵگە.

ئەوە مەبەستی ئیمپریالیەتە پیاوەکانیان لە رۆژهەڵا وەك بت بیانپەرستن و ببنە دیکتاتۆر و کە لە کۆنترۆڵیش دەرچون، کەس نەزانێت چۆن تەفروتونایان ئەکەن. شای ئێران و سەدام و بن لادن و حوسنی موبارەك و زەینەلعادبدین بن عەلی وەك نمونە. ئەی بۆ لەیەك دەوڵەتی ئیمپریالیدا بتێك بەو شێوەیە دروست نابێت؟
زۆر جار جەماوەری رۆژهەڵاتیی سەرۆکێکی رۆژئاوایی ئەکەن بە بت، کەچی لە وڵاتەکەی خۆیا وەك کەسێکی ئاسایی بە هەڵبژاردنێك ئەبێت بە مێژو.

ئەو رەوشت و نەریت و رەچاو کردنی ئەمەك و دۆستایەتییەی لای ئێمە ئەژماری ئابڕومەندی بۆ ئەکرێت، لە وڵاتانی رۆژئاوا و، بە تایبەتیش لە سیاسەتیانا سفری دوای وێرگولە. سارکۆزی لە کۆشکی ئەلیزێیە جێگای چادرەکەی قەزافی کردوە، ئێواران ژنەکەی ئەنارده لای، کەچی هەر دوای شەش مانگ یەکەم فرۆکەی جەنگیی فەرەنسی، سارکۆزی ناردی بۆ لێدانی لیبیا. لە سەردانەکەی قەزافی بۆ ئیتالیا برسکلۆنی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەستی قەزافی ماچ کرد، کەچی دوای سێ مانگ شانبەشانی فەرەنسا بە هێزی سەربازی لە لیبیای ئەدا.

لە سیاسەت و بەرژەوەندی ئابوریدا، ئەبێت هاوکێشە بدۆزیتەوە، ئەمڕۆ سعودیە و تورکیا دو جۆکەرن لە یاری کۆنکەنی زلهێزەکاندا.

حیزبە ئیسلامیەکانیش لەهەمو رۆژهەڵاتا پاشکۆی ئەم دو وڵاتەن.

هەر ئەمانیش لە رۆژهەڵاتا دەستەبەری دواکەوتویی و چەقبەستنی بیری پێشکەوتنخوازین، کە ئەمە یەکەم مەبەستی ئیمپریالییە، بۆ دادۆشینی خێروبێر و پیت و فەڕی ئەو وڵاتانە.

لەبەر ئەو هۆیانە ئەمڕۆ پێویستیان بە ئیسلامی سیاسیە. ئەی خۆ کە تونس و لیبیا و میسریان بەو دەردە برد، سور ئەیانزانی ئیسلام دەسەڵات وەرئەگرێت، ئەی بۆ پاشگەز نەبونەوە؟

باشترین ( سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە) ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی بۆیان پیادە ئەکات، جگە لەوەی دەستیان لە پەرتکردنی هەمو هێزێکی نا دینیدا هەیە، خۆشیان وەك ئیسلامی سیاسی ئامادەن لەسەر کورسی و دەسەڵات یەکتری قڕ بکەن، ئەمە جگە لە مەسەلەی مەزهەبی شیعە و سوننە و ئەو لقانەی لێیان بۆتەوە، کە تا دین هەبێت ئەو خوێنڕشتنە کۆتایی نایەت. رو لە ئیسلامی سیاسی ئەکەم و ئەڵێم: ئەگەر قورئان فەلسەفەی هەموتانە، ئەی کەواتە ئەو قورئانە بۆ یەکی نەخستون؟! کەواتە هەموی بازرگانی کردنە بە دینەوە، خوێنڕشتن و ئاژاوە و دواکەوتنە، ئەمەیە مەبەست و بەرژەوەندی ئابوری زلهێزەکان.

کوردستانیش گۆڕەپانێکی لەبارە بۆ تەراتێنی ئیسلامی سیاسی ئەوەتا بە ئاشکرا نوێنەریان هەر بە رێگاوەیە بۆ ئێران و تورکیا و سعودیە و وڵاتانی کانگا و قوتابخانەی تیرۆر، بێ ئەوەی ئەژماری دەسەڵاتی ناوەند بکەن، هەر یەکەیان وەك دەسەڵاتێك گرێبەست و

ڕێکەوتنی ئاشکرا و ژێربەژێری دژی ئەم ئەزمونەی کوردستان و پلانگێڕی بۆ لەناو بردنی هەستی نەتەوەیی و مێشکشتنەوەی کەسایەتی کورد بە ناوی ئاینەوە و، منەی داگیرکردنی دەسەڵات و بە سودان و ئەفغانستان کردنی کوردستان.

ئەم جرتوفرتانەی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا بێ پەروا دەستیان داوەتێ و باکیان بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی وڵاتەکە نیە، ئەمانە هەموی خۆی لە خۆیدا زەنگێکی مێشکبەرە، ئەگەر کپ نەکرێن هەمان کارەساتی ئەو وڵاتانەی باسمان کرد بەرە و کوردستانیش بە ڕێوەیە، ئەمان لە کەسانی ساوێلکە بە هەڵخەڵەتاندن و بەناو رۆشنبیرەکانیش بە پارە ریزەکانی خۆیان سیخناخ کردوە و ترسناك ترین پیلانی دوژمنانی ژیان و ئاسودەیی پیادە ئەکەن. ئەوەتا رۆژانە ئەم مەلا و ئیسلامە سیاسیانە شتی وا ئەڵێن هزری هیچ کەسێکی ژیر وەری ناگرێت و لە لۆجیك و ژیری بەدەرە کەچی هەزارەها دەروێشیانن و سەریان بۆ ئەلەقێنن. ئەمە دیاردەیەکی هەروا هەوانتە و سەرپێیی نیە، ئەمە زەنگی کارەساتێکە، هاکا قەوماندیان.

بۆ بەرگری کردنیش لەو کارەساتە لام وایە هیچی لەسەر نەڕۆم باشترە، چونکە هەر کاربەدەستێکی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردی هەر یەکەو کۆمەڵێك راویژکاری( نانخۆری سفرەدڕ) یان بە دواوەیە، ئەی ئەوان ئیشیان چیە؟

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی لێدانی مەسەلە نەتەوەییەکەی کردۆتە ئامانج و زۆر پەلەیەتی، یەکەم مەبەست و مەسەلەیەتی، دەمار و گیانی کوردایەتی بە چرنوکی ئاین ریشەکێش بکات.

داوا لە گەنجانی نەتەوەکەم ئەکەم بە چاوێکی تیژەوە، بە هزرێکی دەوڵەمەندەوە سەیری ئەنجام و ئاکامی ئەو گەڕەلاوژێیەی ئەو وڵاتانە بکەن کە ئەو بەهارە شومەی تیا قەوما، بزانن چۆن پەنجەی پەشیمانی ئەگەزن و، بەرامبەر بەو کارەساتەی پیادەیان کرد چ پاشاگەردانیەکیان بەسەر وڵاتەکانیانا هێنا.

من ناڵێم دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی نمونەییە و کۆمارەکەی پلۆتۆیە. کە ئێستا ماڵ و سامانت تالان ئەکەن، ئەو کاتە نەتەوە و خاك و ئابڕومەندیشت تالان ئەکرێت.